Vision Foundation
for Strategic Studies
دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و یاسایی و سیاسییەکانی بەشداریکردنی ژنان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی


**توێژەران:**
هانا شوان، د. جوان بختیار، د. ڕووبار مجید


**٢٠٢٥**


Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park
www.visionfoundationiq.org
+964 772 330 0005

# بەشی توێژینەوەکان - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

**جۆری بڵاوکراوە :**
توێژینەوەی زانستی

**بابەت :**
سیاسی

**توێژەران:**
هانا شوان، د. جوان بختیار
د. ڕووبار مجید

**بەیاننامەی دامەزراوەکە:**

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە برتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیجییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەڕێگای گونجاو پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

**تێبینی:**

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٥
INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

# ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و یاسایی و سیاسییەکانی بەشداریکردنی ژنان لە پڕۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی


## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سیستەماتیک ڕەهەندە کۆمەڵایەتی، یاسایی و سیاسییەکانی بەشداریکردنی ژنان لە پڕۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا شیدەکاتەوە. توێژینەوەکە بە پشتبەستن بە میتۆدی چۆنایەتی داڕێژراوە، بۆ شیکردنەوەی زانیارییەکان سوود لە فۆکەس گروپێک لە ژێر ناونیشانی "ئاستی بەشداری ژنان لە ناوەندەکانی بڕیاری حزبە سیاسییەکان" بینراوە، کە لە بەرواری ٢٠٢٥/٢/١٥دا لە دامەزراوەی ڤیژن بەڕێوەچووە. توێژینەوەکە ئەوەی دیاریکردووە کە بەردەوامبوونی پێشڕەوی کۆمەڵایەتی و کلتووری، نادادپەروەری یاسایی و ناهاوسەنگی لە سیستەمی سیاسی، سنووری گرتۆتەبەر بەشداری سیاسی ژنان و کەمکردنەوەی کاریگەرییان لە پڕۆسەی بڕیاردان.
دەرئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە پیشاندەدەن کە پێویستە چارەسەری بنەڕەتی و سیستەماتیک بخرێتەکار، وەک دانانی چوارچێوەی یاسایی کاریگەر بۆ پاراستنی مافەکانی ژنان، پێشکەشکردنی پڕۆگرامی ڕاهێنانی تایبەت بۆ بەهێزکردنی توانای سیاسییان، هەروەها گۆڕانکاری لە پێکهاتە کلتووری و کۆمەڵایەتییەکاندا. بەم شێوەیە، دەتوانرێت ژنان بەشداربن لە پڕۆسەی بڕیاردان بەشێوەیەکی یەکسان و کاریگەر کە ئەمەش دەبێتەهۆی پێکهاتنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەر و دیموکراتی.



**کلیلە وشەکان:** بەشداری سیاسی، ژنان، بڕیاری سیاسی، یەکسانی جێندەری، سیستمی کۆتا، دیموکراسی.

## پێشەکی:

بەشداری سیاسی ژنان یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان کە جێگای بایەخە بۆ لێکۆڵینەوە، تاوتوێکردن و شیکردنەوە، هەروەها بنەمایەکی کارکردنە لە بوارەکانی سیاسەت و پلاندانان لە کۆمەڵگادا. بایەخدان بە بەشداری سیاسی ژنان لەڕووی کۆمەڵایەتی، یاسایی و سیاسییەوە بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، گرنگترینیان ڕۆڵی گەشەسەندووی ژنانە کە ئەنجامیدەدەن لەو بوارانەدا. ئەم ڕۆڵە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ رووی لە زیادبوونکردووە و جێگەدەستی خۆی بەجێهێشتووە لە بوارە کۆمەڵایەتی، ئابووریی و یاساییەکان، هەروەها تێکەڵبوونیان لە چالاکییە هەمەجۆرەکان. لەم ڕێگەیەوە ژنان هەوڵی خۆسەلماندنیان داوە، بەڵام خۆسەلماندن، بەردەوامی، بەهێزکردن و فراوانکردنی بەشداریان رووبەڕووی چەندین لەمپەر و ئاستەنگ بۆتەوە. ئەمانەش بە نمرەی سەرەکیی دەگەڕێنرێتەوە بۆ شێوازی بیرکردنەوە، هەڵسوکەوتی کۆن و باو لە کۆمەڵگادا کە ڕۆڵێکی نەرێنی بینیووە لەسەر ئاستی بەشداریکردنی ژنان. هەروەها جێگەی ئاماژەپێدانە لە هەندێک لە کۆمەڵگاکاندا پرسی بارودۆخی ژنان و مافەکانیان لەو بابەتانەدا نین کە جێگای باسکردن و لێکۆڵینەوەبێت.

دەربارەی ئەم بابەتە لیا سەیفەدین، ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی ئافرەتان، لە فۆکەس گروپەکەدا ئاماژەی بە خاڵێکی دیکەکرد، ئەویش بە بەڵگەنامەنەکردن و پارێزراونەبوونی مێژووی ژنانی کوردە. ئەو پێی وابوو زۆر لە کۆنەوە ژنی کورد بەشداری سیاسی هەبووە. بەڵام توندوتیژی دژ بە ژنان و پەراوێزخستنیانیشی بۆ کۆلۆنیالیزم و هاوردەبوونی بیری داگیرکەرانی کورد گەڕاندەوە. جگە لە دیاریکردنی دەستکەوت و پێشکەوتنی ژنان لە ساڵانی ڕابردوودا، هۆکاری شکستی حزبەکانیشی بەهێنانەپێشەوەی ئەو ژنانە دیاریکرد کە بێتوانابوون (١).

مافی بەشداری سیاسی یەکێکە لەو مافانەی کە دەبێت پارێزراوبێت، چونکە مافێکی دەستوری و یاساییە بۆ هەموو تاکەکان لە دەوڵەتدا، بەتایبەتی بۆ ژنان، چونکە گوزارشتدەکەن لەڕووی ڕاستەقینەی کۆمەڵگا و دیموکراسی. لەبەرئەوە ئەم بەشدارییە پێویستی بە چاودێری سیاسی و یاساییە تاوەکو لێی سوودمەندبن. هەروەها دەتوانین بڵێین مافی بەشداری سیاسی پێوەرێکی ڕاستەقینەیە بۆ پێوانەکردنی ئاستی گونجانی سیستەمی سیاسی لەگەڵ پرنسیبە باڵاکانی دیموکراسی کە پرنسیبی تایبەتی خۆی هەیە وەکو ئازادی، یەکسانی و بەشداری.

هەر دەربارەی ئەم بابەتە لە فۆکەس گروپەکەدا کنێر عەبدوڵا، نووسەر و ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان، داتا و ئاماری سەبارەت بە بەشداری ژنان لە ١٠ حزبی باشووری کوردستان خستەڕوو. باسی لە ڕێژەی جیاوازی بەشداری ژنان لە ناوەندی بڕیارداکرد، ئامادەیی ژنانی لە هەریەک لە پۆستەکانی سەرۆک، جێگری سەرۆک، مەکتەبی سیاسییەکان و ئەندامی سەرکردایەتی لە حزبە جیاوازەکاندا بە گوێرەی تەمەنی حزبەکان خستەڕوو. هەروەها ئاماژەی بە ئاستی بەشداری ژنان لە دواپەیڕەوی پارتە سیاسییەکاندا کرد و گوتی "زۆربەی حزبەکان پابەندنەبوون بەو پەیڕەوەی کە دایانناوە و بوونی ژن وەک سەرۆک لە حزبەکاندا سفرە" (٢).

ئەمە جگە لە کاریگەری گۆڕانکارییە ڕیشەییەکان لە ناوچەکە وەکو پرسی گۆڕینی سیستەمەکانی حکومڕانی لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی. بەهەمان شێوە پێویستە ئاماژەبدرێت بە کاریگەری سروشتی کۆمەڵگا و بەها کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی بەشداری سیاسی ژنان کە ئەمانە پێکەوە هۆکارن بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا و پێکەوە کاریگەری دەخەنە سەر سروشتی بەشداری سیاسیان.

سەبریە غەفار، ئەندامی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، دەربارەی ئەم بابەتە باسی لەوەکرد کە یەکگرتوو ئیشی لەسەر ئەوە کردووە ژنان لە ناو کایە سیاسییەکاندا بە سروشتی ژنانەی خۆیان مامەڵەبکەن، نەک تەنها بە جەستە ژن بن بەڵکو بە زیهنیەتی ژنانە سیاسەتبکەن (٣). شێوە سەرنجێکی تر ئەوە بوو کە لە زۆربەی حزبەکاندا دوو ئاڕاستەی فکری جیاواز هەن: یەکێکیان پشتگیریدەکەن بەڵام ئاڕاستەیەکی تر بۆی قورسە ژن لە ناوەندی بڕیاردابێت.

## کێشەی توێژینەوەکە

١. بەردەوامی و فراوانی پانتایی تێڕوانینە نەرێنییەکانی کۆمەڵگا، لە ئاست بەشداری و پێگەی سیاسی ژنان.

٢. کەلێنە دەستوری و یاساییەکانی تایبەت بە بەشداری ژنان.

٣. فراوانی هەژموونی تێڕوانین و ڕێگرییەکان، لە ئاست بەشداری سیاسی ژنان.

## دەرهاویشتەی توێژینەوەکە

١. پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان پەیوەستە بە پاڵپشتی و بەهێزکردنی چین و توێژە پەراوێزخراوەکان.

٢. گەیشتنی ژنان بە پێگە سیاسییە باڵاکان، زامنی گۆڕانکاری ئەرێنی دەکات لە بەرژەوەندی کۆمەڵگا بە گشتی و ژنان بەتایبەتی.

٣. بەرفراوانکردنی کاریگەریی ڕۆڵی ژنان، لە بنیادنانی کۆمەڵگای تەندروست، لەسەر بنەمای دیموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

## ئامانجی توێژینەوەکە

مافی بەشداریکردنی ژنان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی کاریگەری دەخاتەسەر سروشتی بەشداری سیاسییان، کە دەبێتەهۆی بەهێزکردنی ژنان لەڕووی سیاسی و بڕیاردان لە دۆزەکانیان لە ناو پارتە سیاسییەکاندا، هەروەها جێگەکردنەوەیان لە دەستور و یاساکاندا، لەپێناو پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە زۆرەی درکی پێدەکرێت و پەراوێزنەخستنیان، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت ژنان بەشدارییەکی کارا و کاریگەرییان هەبێت، لە دەرکردنی بڕیارە گرنگە نەتەوەییەکاندا.

## بەشی یەکەم
## ڕەهەندەکانی بەشداریکردنی ژنان لە پڕۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا
## ڕەهەندی ڕیشەیی و کۆمەڵایەتی:

بەشداری سیاسی ئامرازێکە کە لە ڕێگەیەوە هاوڵاتی مافی تەواو و یەکسانی پێدەدرێت کە بەشدارییکات لە حوکمڕانی دەوڵەت بەو شێوەیە کە خواستیان لەسەرێتی. مافی ئەوەیان دەبێت کە بە خواستی خۆیان گوزەران بکەن و تاکەکان ڕۆڵێکی ئەرێنی و کارایان هەبێت لە بەشداری سیاسی لە ڕێگای مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردن یان مافی گفتوگۆ و بەشداریکردن لە پرسە سیاسییەکان کە جێگای بایەخیانە (٤). هەروەها مافی تاکە کە ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەبێت لە پڕۆسەی سیاسی و چاودێری بڕیارەکان بکەن لە ڕێگای کۆنترۆڵکردن و ڕاستکردنەوەیان لە پاش دەرکردنی لەلایەن دامەزراوەی سیاسییەوە. لە ڕێگایەوە تاک ڕۆڵی دەبێت لە ژیانی سیاسی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، بەمەرجێک هەموو هاوڵاتییەک مافی ئەوەی هەبێت بەشدارییبکات لە دانانی ئامانج و ناسینی باشترین ئامڕاز و شێواز بۆ بەدیهێنانی (٥).

## بەشداری سیاسی ژنان:

توانای ژنان بۆ بەشداریکردن بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ پیاواندا لە هەموو ئاستەکان و بوارەکانی سیاسی و دروستکردنی بڕیاردا و تێکەڵکردنیان لە پڕۆسەی سیاسی لە هەموو ئاستەکاندا (دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاسادانان، دادوەری یان پارتە سیاسییەکان) بێت (٦). بەو پێیەی ژنان ڕۆڵێکی باڵادەبینن لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگا و چانسی ئەوەیان دەبێت کاریگەرییان هەبێت لە بڕیاردان یان دیاریکردنی ئامانجە گشتییەکان و بەدیهێنانی (٧).

لیا سەیفەدین، ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی ئافرەتان، باسی لە گرنگی کایەی سیاسیکرد کە کاریگەری تەواوی لەسەر کایەکانی تر هەیە. ئەو ڕوونیکردەوە کە ئەم کایەیە ڕەگەزی نییە، واتە نە بۆ نێرە نە بۆ مێ. بەمجۆرە ژنان دەبێت هاوسەنگی لەگەڵ پیاوان دروستبکەن، بۆ ئەمەش ژنان خۆیان ڕۆڵێکی گرنگیان لە هێنانی ئەم بەشدارییە هەیە (١).

لەم ڕوانگەیەوە ناتوانرێت ئەوە پشتگوێبخرێت کە بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسی تێکەڵە بە بارودۆخی سیاسی و ئابووری ناوچەکە. بۆیە هەوڵەکان بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆڵی ژنان بۆ ئاستێکی بەرزتر و مسۆگەرکردنی ئەوەی کە دەنگیان نەک تەنها بیستراوبێت بەڵکو کاریگەری هەبێت لە بڕیاردان، تاکە ڕێگایە بۆ مسۆگەرکردنی بەشداری ڕاستەقینە و کارا. لەوانە بابەتی تێکەڵکردنی ژنان بە دامەزراوەکانی حکومەت و پڕۆسەی ئاشتیش بگرێتەوە وەکو دانپێدانێک یان پاڵپشتیکردنێک کە دەرخەری ئەوەبێت سەقامگیری سیاسی و ئاشتی پەیوەستە بە یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەز، تەنانەت ئەگەر ڕێژەیش بێت لە هەندێک دەوڵەت (٨).

سەبریە غەفار، ئەندامی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، باسی لەوە کرد کە ژنان خاڵی هاوبەشییان زۆرە بەڵام زیاتر لەسەر خاڵە ناکۆکەکان دەوەستن. شەڕی ئایدیۆلۆژی حزبایەتی وایکردووە هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە نەنرێت (٣).

## ئاستەنگی کۆمەڵایەتی لە بەردەم بەشداری سیاسی ژنان:

لەگەڵ فراوانبوونی بزووتنەوەکان کە گرنگیدەدەن بە ماف و پێگەی ژنان، بەشداریکردنیان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە. بەشداریکردنیان و تێکەڵکردنیان لە پرۆسەکانی یەکسانی، گەشەپێدان، ئاشتی و سیاسەت لە هەموو جیهاندا گەشەی بەخۆوەبینیووە. لەگەڵ ئەم پێشکەوتنەدا چەندین کۆنفرانسی جیهانی دەربارەی ئەم پرسە بەستراون، بەشێک لەوانە بریتین لە کۆنفرانسی جیهانی یەکەمی ژنان کە لەساڵی ١٩٧٥دا بەسترا لە وڵاتی مەکسیک، کۆنفرانسی دووەم لە کۆپنهاگن و سێهەم لە نەیرۆبی لە ساڵی ١٩٨٥دا، هەروەها کۆنفرانسی چوارەم لە پەکین لە ساڵی ١٩٩٥دا. لەم کۆنفرانسانەدا چەندین پێشنیاز و دەرئەنجامی لێکەوتەوە.
یەکێک لە فاکتەرەکان کە ڕێگای بەرفراوانی ژنان سنووردارەدەکات، بەتایبەت لە بواری سیاسیدا، بارودۆخی ڕۆشنبیری و بەها کۆمەڵایەتییەکانن کە وێنایەکی باویان داوە بە ژنان لە کۆمەڵگادا. ئەمەش یارمەتیدەربووە بۆ دروستبوونی بۆچوونێکی دوور لە ڕاستییەوە سەبارەت بە هەڵوێستی ژنان، لەگەڵ بوونی هەندێک شیکردنەوەی دیکەی ڕێگاخۆشکەر بۆ ڕێگریکردن لە بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسی، هەروەها بەرهەڵستیکردنی ئەو داواکارییانەی باس لە گرنگی بەشداریکردنی ژنان دەکەن. ئەمانە پێکەوە کاردەکەن بۆ ڕەتکردنەوەی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان و بەڵگە زانستییەکان کە گرنگی بەشداریکردنی ژنان لە هەموو بوارەکاندا دەسەلمێنن (٩).

## پێویستە ئاستەنگییەکان پۆلێن بکەین

١. ئاستەنگی خودی: پەیوەستە بە خودی کچان و ژنان، دەگەڕێتەوە بۆ پاشخانی کۆمەڵایەتی، ئاینی، جۆری پەروەردە، ژینگەی کۆمەڵایەتی و هۆشیاری ژنان خۆیان بە مافەکانیان و دەرفەتەکانیان لە ژیاندا. لە بوارەکانی کارکردندا کە بەشێوەیەکی گشتی هەندێ کار و بەتایبەتی کاری سیاسی وابەستەدەکەن بە پیاوەوە، هەروەها هەستکردن بە ترس لە پرۆسەکە، ترس لە تێڕوانینی کۆمەڵگە بەگشتی و ڕووبەڕووبوونەوەی ناوزڕاندن و ناووناتۆرە و قورسبوونی بەرپرسیارێتی خێزانی.
لە فۆکەس گروپەکەدا کنێر عەبدوڵا، نووسەر و ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان، باسی لە ڕێژەی ژن لە مەکتەبی سیاسییەکاندا کرد کە ناگاتە چارەکێکی پیاوان. جگە لە هۆکارە ئیدارییەکان و ئەقڵیەتی پیاوسالاری، کەمترخەمی خودی ژنان و غیابی زیهنی وەک هۆکارێکی دیاریکراو دەستنیشانکرد. زۆربەی کات ژنان تەنها شوێنییان پڕ پڕدەکرێتەوە (٢).

٢. ئاستەنگی کۆمەڵایەتی و کلتووری: پەیوەستە بە چوارچێوەی کلتووری، دابونەریت، سروشتی خێزان، کۆمەڵگە و تێڕوانینی گشتی بۆ کاری سیاسی. لەم ڕوانگەیەوە بوون و نەبوونی پاڵپشت بۆ هەوڵدان و بەرەوپێشخستنی پێگەکانیان لە کۆمەڵگە بەگشتی و پێگەی سیاسییەکان بەتایبەتی دەردەکەوێت. بوونی ڕۆڵی چاوەڕوانکراو لە کچ و ژن لە کۆمەڵگەدا کە هەمیشە بەرپرسە لە خێزان، پەروەردەی منداڵ و سنووردارکردنی بوارەکانی کارکردنی، زاڵبوونی کلتووری پیاوسالاری، دابەشکردنی جۆر و شوێنی کار لە چوارچێوەی کلتووردا.

کنێر عەبدوڵا، نووسەر و ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان، ئەم بارودۆخەشی بۆ دۆخی گشتیتر گەڕاندەوە کە هۆکارەکەی ژینگەی نالەباری ناوچەکەیە، ئەو گوتی "لە ئێستادا لە عێراق هیچ مرۆڤێک شکۆی تێیدا پارێزراو نییە". پرۆژەیاسای باری کەسێتی بە نموونە هێنرایەوە کە بەم دواییانە واژۆیی لەسەرکرا بێ گوێدانە لێکەوتە زۆر و زەوەندەکانی لەسەر پرسی ژن و منداڵ لە کۆمەڵگەدا. زاڵبوونی ئەقڵیەتی حزبی و نەبوونی ئەقڵیەتی نیشتیمانی لە بڕیار و چارەسەرکردنی کێشەکاندا وەک هۆکارێکی تر دەستنیشانکرد کە هەڵبژاردنی کەسەکان لەسەر بنەمای کەسیی و تایبەتییە (٢).

٣. ئاستەنگی ئابووری: فاکتەرە ئابوورییەکان و ئاستی خوێندن ڕێگریدەکەن لە بەشداریکردنی کچان و ژنان لە وڵاتانی تازە گەشەسەندووەکان. هەژموونی بیرکردنەوەی پیاوسالاری و گومانخستنە سەر گرنگی بەشداریکردنی ژنان لە پرۆسەی سیاسی یەکێکیترە لە فاکتەرە سەرەکییەکان کە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەم بابەتە، تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی شاراوە و ناڕاگەیەندراویش بێت.

٤. ئاستەنگی حزبی: بایەخنەدانی سەرکردە حزبییەکان بە ئامادەکردن، بەدەستنەخستنی پێداویستی ڕاهێنان و پەرەپێنەدانی توانای ژنە کادرە حزبییەکان کاریگەری هەبووە لە لاوازی بەشداریکردنیان لە پێگە پێشکەوتووەکان لە پارتە سیاسییەکاندا. بەهۆی سروشتی دابونەریت و کلتووری باو، هەروەها ڕانەهاتنی کۆمەڵگا لەسەر بەشداریکردنی ژنان لە دروستکردنی بڕیاردا، ئەمەش زۆرجار ئەو پرسیارە دەخاتەڕوو سەبارەت بە ئەنجامەکانی کار و بەشداری سیاسی ژنان. هەروەها هەڵوێستی ئاین، دابونەریت، ئەزموونەکانی پێشوو و کەمی نموونەی سەرکەوتووی ژنان لە پێگە جیاوازەکاندا بۆتەهۆی لاوازکردنی ڕۆڵیان لە پرۆسەی سیاسیدا.

**بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین لەمپەر و ئاستەنگییە کۆمەڵایەتییەکان کورتبکەینەوە لە:**

١. سروشتی کۆمەڵگا و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان، کە وایکردووە کاری ژنان لە پرۆسەی سیاسی یەکێک بێت لە بوارە نەخوازراوەکان، تا دەگاتە ئاستی قەدەغەکردن.

٢. لاوازی هۆشیاری بە گرنگی بەشداری سیاسی و بەهێزکردنی ڕۆڵی ژنان، لە بەشداری فەرمی حکومی و حزبییەکان لەگەڵ بوونی ڕێژەیەک لە لاوازی هۆشیاری لە نێوان ژنان سەبارەت بە مافە پێدراوەکان واتا مافە یاساییەکانیان.

٣. پێگەیاندنی سیاسی نەرێنی کە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەیان لە بوار و کاری سیاسی تا دەگاتە ئاستی گوزارشتنەکردن لە ڕاوبۆچوون و ترس لە سیاسەت و کاری سیاسی.

٤. لاوازی ڕۆشنبیری پێگەیاندن، بۆ ئەو ژنانەی کار لە بواری سیاسیدا دەکەن، لەلایەکی دیکەوە ڕووبەڕووی چەندین کێشەدەبنەوە وەکو ناوزڕاندن، گێچەڵ، ناوناتۆرە و نازناوی نەشیاو بۆ ئەو ژنانەی کاری حزبی یان سیاسی دەکەن.

## بەشی دووەم
## ڕەهەندە یاساییەکانی بەشداری سیاسی ژنان و دروستکردنی بڕیار، پەیڕەوە بەرکارەکان و یاسای نوێ:

چەند دەستەبەرێک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نیشتیمانی هەن بۆ گەیشتنی ژن بە ناوەندی دروستکردنی بڕیار. ئەوانیش دەستەبەرییە نێودەوڵەتییەکان و دەستەبەرییە نیشتیمانییەکانن لە ناو دەوڵەتەکاندا وەکو بەرجەستەکردنی دەقە نێودەوڵەتییەکان لە یاسا نیشتیمانییەکاندا. بۆ ئەمەش ئەم باسە دابەشدەکەین بۆ دوو بەش، لە سەرەتادا باس لە دەستەبەرییە نێودەوڵەتییەکان و لە دواتردا باس لە دەستەبەرییە نیشتیمانییەکان بۆ گەیشتنی ژن بە ناوەندی بڕیاردەکەین (١٠).

## دەستەبەرییە نێودەوڵەتییەکانی گەیشتنی ژن بە ناوەندی بڕیار

دەستەبەری نێودەوڵەتی جەختدەکەنەوە لەسەر بەشداری ژن لە سیاسەت و نەخشەکێشانی سیاسەتی دەوڵەت بەبێ جیاکاریکردن. ئەوانیش بریتین لە لیژنەی بارودۆخی ژنی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێکەوتننامەی مافە سیاسییەکانی ژن، ڕێکەوتننامەی سیداو، بەڵگەنامەی کۆنگرەی پەکین و بەڵگەنامەی ئامانجەکانی گەشەپێدانی هەزارەیی.

### لیژنەی بارودۆخی ژن

کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٧دا ئەم لیژنەیەی دامەزراند بە ئامانجی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ژن، دانانی ڕاسپاردە و دەرکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە لە بارەی مافەکانی ژنان، هەروەها نەخشەکێشانی سیاسەتەکانی بە ئاگاهێنانەوەیان و بەهێزکردنیان لەسەر ئاستی جیهانی لەبەرئەوەی جیاکاری دژی ژنان پێشێلکردنی بنەمای یەکسانییە لە ماف و شکۆ لە نێوان ژن و پیاودا (١١).
ئەم لیژنەیە لە بەرواری ٢٠٢١/١٢/٤دا ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە لە خولی شەست و پێنجەمیدا لە ڕێگەی کۆبوونەوەیەکی ئەلیکترۆنییەوە. ئەم ڕاپۆرتە ئەوەی دەرخست کە لە وڵاتانی جیهاندا دەرفەتی هاوشان و یەکسان بوونی نییە بۆ گرتنەدەست و پڕکردنەوەی پۆستی سەرکردایەتی، ڕێبەرایەتی و ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار لەسەر ئاستەکانی یاسایی، جێبەجێکردن و دادوەری لە پۆستەکانی کارگێڕی گشتیدا.
تاوەکو ئێستاش ڕێکارەکانی بەهێزکردنی ژن لەڕووی سەرکردایەتییەوە نەگیراونەتەبەر تاکو بتوانێت پۆستە سەرۆکایەتییەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری وەربگرێت. لەبەرئەوە پێویستە لەسەر دەوڵەتان ستاندارده نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان جێبەجێبکەن ئەویش بە پراکتیزەکردنی حوکمڕانی باش کە پێویستدەکات سەرکردایەتی و نوێنەرایەتیکردن هەمووان بەبێ جیاکاری بگرێتەوە. لەبەرئەوەی نوێنەرایەتیکردنی ژمارەیەکی زۆری ژنان کاریگەری گەورەتری دەبێت لەسەر سەرکردایەتییە گشتییەکاندا، بۆ نموونە لە سەردەمی پەتای کۆرۆنادا ڕێکخراوەکانی ژنان وەڵامدانەوەی باشیان هەبووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتاکە لە ساڵی ٢٠٢٠، بۆیە بەهاتنی ساڵی ٢٠٣٠ پێویستدەکات کە ژنان بەشداری چالاک و کارایان هەبێت لە سەرکردایەتی و دروستکردنی بڕیاردا بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ پیاواندا.
بەڵام بەگوێرەی ئەم ڕاپۆرتە پێشکەوتنی ژنان و گەیشتنیان بە ناوەندی بڕیار زۆر بە هێواشی بەڕێوەدەچێت، هەروەها دەرفەتی یەکسان بوونی نییە لە نێوان پیاوان و ژناندا بەهۆی بەردەوامبوونی کۆتوبەند، کەلێنەکان و نەبوونی ویستێکی سیاسی کە گۆڕانکاری لە پەیوەندییەکانی هێزدا بکات

بەگوێرەی پابەندییە نێودەوڵەتییەکان لە بابەتی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز لە دەسەڵاتدا. بەگوێرەی ئامارێک لەم ڕاپۆرتەدا ژن لە ٢١ دەوڵەتدا سەرۆکی دەوڵەت و حکومەتن بەڵام لە ١١٩ دەوڵەتدا ژن سەرکردایەتی تێدا ناکات (١٢).

## ڕێکەوتننامەی مافە سیاسییەکانی ژن

کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەرواری ١٩٥٢/٢/٢٠دا ڕێکەوتننامەی مافە سیاسییەکانی ژنی واژۆکرد کە لە بەرواری ١٩٥٢/٧/٧دا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. ٨ دەوڵەتی عەرەبی ئەم ڕێکەوتننامەیەیان پەسەندکردووە کە لە ١١ مادەی بنەڕەتی و بابەتی هەروەها ٣ مادەی ئیجرائی پێکدێت.
مادەی یەکەمی ئەو ڕێکەوتننامەیە ئاماژەیکردووە بە هەریەک لە مافەکانی دەنگدان، مادەی دووەم مافی خۆکاندیدکردن، مادەی سێیەم مافی ژن لە گرتنەدەستی ئەرکە گشتییەکاندا کە بەگوێرەی یاسا نیشتیمانییەکان دامەزرێنراون (١٣).
واتە بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە مافە سیاسییەکانی ژن مسۆگەرکراون و پێویستە لە یاسا نیشتیمانییەکانیشدا ڕەنگدانەوەیان هەبێت، بەڵام لە سەر ئەرزی واقیع ئەم مافانە وەکو پێویست جێبەجێنەکراون. ئەگەر ژن ئەو مافانەشی وەرگرتبێ بەڵام بەهۆی ڕێگرییەکانەوە نەیتوانیوە وەکو پیاو بەکاریبهێنێت و ڕۆڵی خۆی ببینێت (١٤).

## ڕێکەوتننامەی سیداو ١٩٧٩

ئەم ڕێکەوتننامەیە لە ساڵی ١٩٧٩دا واژۆکرا، هەروەها لە ساڵی ١٩٨١دا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە کە لە دەقی هەردوو مادەی ٧ و ٨دا ئاماژە بە مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردنی ژنان بۆ پۆستە باڵاکان دەکات.
بەگوێرەی ئەم ڕێکەوتننامەیە ژن مافی دەنگدان، خۆکاندیدکردن و کارکردنی هەیە لە پارتە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکان، نوێنەرایەتیکردنی حکومەتەکان و بەشداریکردن لە کارەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمکاری دەوڵەتە عەرەبییەکان.
بەڵام ئەم ڕێکەوتننامەیە خۆپارێزی لەسەرکراوە لە لایەن ١٦ دەوڵەتەوە بە پاساوی نەگونجانیان لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا. ئەمەش بەگوێرەی مادەی ٢٨ی ڕێکەوتننامەکە کە ڕێگەدەدات بە دەوڵەتان خۆیانبپارێزن لە جێبەجێکردنی ئەو دەمانەی کە ناگونجێن لەگەڵ ئاینی ئیسلام یان ئایدۆلۆجیای خۆیاندا، کە بەداخەوە دەکرێ بگوترێت ئەم ڕێکەوتننامەیە زۆرترین خۆپارێزی لە بارەیەوەکراوە سەرەڕای ئەوەی بەگوێرەی یاسای ڤیەننا بۆ پەیماننامەکان نابێت دەوڵەتان خۆپارێزیبکەن لە ناوەڕۆک و بابەتی سەرەکی ڕێکەوتننامەکە کە ئەویش بریتییە لە جیاکارینەکردن، بەڵام بەداخەوە ئەو خۆپارێزیانە زۆربەیان یان هەموویان لەسەر ناوەڕۆك و خاڵە جەوهەرییەکان کراون (١٥).
دەربارەی ئەم بابەتە سەبریە غەفار، ئەندامی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، باسی لەوەکرد کە ئاینی ئیسلام بە تەواوی لەگەڵ مافەکانی ژناندا کۆکە لە حزبەکەیدا و هەردەم لە ساڵانی زووەوە ئەهلی فکر هاتوونەتە ناو بوارەکەوە و ڕۆڵیان لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەهەمبەر مافەکانی ژنان گێڕاوە. هەروەها لە حزبەکەیدا چەندین مەکتەبی هەستیار لەلایەن خوشکانەوە وەرگیراون. ئەمە لە کاتێکدایە ئاستەنگی هاتنەپێشەوەی ژنان لە کایە سیاسییەکاندا بۆ ژنانی ئیسلامی دوو هێندەیە چونکە کۆمەڵگە بە ئاسانی هەزمی کارکردنییان ناکات (٣).

## بەڵگەنامەی کۆنفرانسی پەکین ١٩٩٥

بەڵگەنامەی کۆنفرانسی پەکین لە ساڵی ١٩٩٥دا لەلایەن ١٨٩ دەوڵەتەوە دەرچوێندرا بۆ بەئاگاهێنانەوەی ژن و بەهێزکردنی لەسەر ئاستی سیاسی کە جەختی لەسەر گرنگی کارای بەشداریکردنی ژن کردۆتەوە لە ژیانی گشتی و سیاسی بەتایبەتی گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ پاڵپشتیکردنی ژن لە پێگەکانی دروستکردنی بڕیار.

ئامانجی ئەم بەڵگەنامەیە بریتیبوو لە نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەی ٣٠%ی ژنان وەکو ئامانجێکی سەرەتایی و بەرایی، پاشان ٥٠% وەک ئامانجێکی خوازراو لە داهاتوودا. ئەم بەڵگەنامەیە پێناسەی بەشداریکردنی ژنی کردووە لە دروستکردنی بڕیاردا بەوەی کە بریتییە لە گەیشتنی ژن بە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاردانان، داڕشتنی سیاسەتەکان و نەهێشتنی سەرجەم بەربەست و ڕێگرەکان تەنانەت ئاینییەکانیش ئەوانەی کە لەمپەر دروستدەکەن لە بەردەم خۆکۆنترۆڵکردنی ژن لە ڕێگای گەیشتنی بە دەسەڵات و پێگەی دروستکردنی بڕیار.

لە ساڵی ٢٠٠٠دا بەڵگەنامەی ئامانجەکانی گەشەپێدانی هەزارەیی دەرچوێندرا بۆ بەهێزکردنی ژن و زیاترکردنی ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنی لە ژیانی پەرلەمانیدا. هەروەها کۆنفرانسی گەشەپێدان و دانیشتوان لە ساڵی ١٩٩٤دا لە قاهیرە بەسترا لەلایەن ١٧٩ وڵات و ١٦٠٠ کۆمەڵەوە کە هەمان ئامانجی هەبوو (١٦).

### دەستەبەرییە نیشتیمانییەکانی بەشداریکردنی ژنان لە دروستکردنی بڕیاردا

لەم بەشەدا باس لە مافە سیاسییەکانی ژن لە دەستور و ڕۆڵیاندەکەین لە دروستکردنی بڕیار.

## مافە سیاسییەکانی ژن لە دەستوردا

دەستوری وڵاتەکان بە زۆری لە دەقەکانیاندا ئاماژەدەکەن بە مافە سیاسییەکانی ژنان وەکو دەنگدان و خۆکاندیدکردن، بەڵام ژن هەندێ جار لەبەر چەند هۆکارێک ناتوانێت سوودمەندبێت لە مافە سیاسییەکانی لەڕووی جێبەجێکردنەوە.

مادەی ٢٠ دەستووری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ ئاماژەیکردووە بە یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان لە بارەی بەشداریکردن لە کاروبارە گشتییەکانی وڵات و بەکارهێنانی مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ژن مافی بەشداریکردنی ناڕاستەوخۆ و ڕاستەوخۆی هەیە لە ڕێگەی دەنگدان و خۆکاندیدکردنەوە، هەروەها مافی بەشداریکردنی لە کاروبارە گشتییەکاندا، واتە بوونی ژن لە هەرسێ دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریدا (١٧).

لە بڕگەی چوارەمی مادەی ٤٩ی دەستوری کۆماری عێراقدا ئاماژەکراوە بە ئامانجی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەویش بریتییە لەوەی کە نابێت ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنی ژنان لە پەرلەمان ٢٥% کەمتربێت وەکو ڕێژەیەکی گەرەنتیکراو بۆ نوێنەرایەتیکردنی ژنان.

لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا چەندین ڕێگری ئاینی، تایەفی و کلتووری ڕێگرن لە بەردەم بەکارهێنانی مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردنی ژنان سەرەڕای ئەوەی لە یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی ڕاگوزەری ساڵی ٢٠٠٤ و دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥دا دەرفەتدراوە بە ژنان. بەڵام هێشتا ژن لە گۆڕەپانی سیاسیدا وونە و تاڕادەیەکی زۆر بەشداریکردنی لە دروستکردنی بڕیاردا سنووردارە چونکە دانانی ڕێژەیەکی دیاریکراویان لە نوێنەرایەتیکردندا دەبێتەهۆی سنووردارکردنی تواناکانیان.

ئەگەرچی ژنان سەلماندوویانە تواناکانیان لەسەروو ئەو ڕێژەیەوەیە کە بریتییە لە چواریەکی پەرلەمان وەکو ڕێژەی کۆتا لەبەرئەوەی سیستمی کۆتا وەکو کەمینە مامەڵە لەگەڵ ژنان دەکات، لە کاتێکدا ئەوان کەمینەنین. لەبەرئەوە پێویستە ژن واقعێکی تازەبسەپێنێت بۆ گرەنتیکردنی دانان بە تواناکانیان و بۆ بردنەوەی کورسییەکانی پەرلەمان پشت بە کۆتا نەبەستێت لەبەرئەوەی لە ڕێگەی کۆتاوە دەگاتە پەرلەمان بەبێ ڕەچاوکردنی تواناکانی، هەروەها هیچ گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە دروستناکات، چونکە دەرچواندنی گرەنتیکراوە بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوەبکرێت کە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی ژنانە. لە لایەکیترەوە سیستمی کۆتا دژایەتیدەکات لەگەڵ بنەمای نوێنەرایەتیکردن کە بریتییە لە پیادەکردنی ڕاستەقینەی دیموکراسی کە گریمانەی بوونی کێبڕکێدەکات لە نێوان کاندیدە پیاوەکان و کاندیدە ژنەکاندا.

## هەڵسەنگاندنی بەشداری ژنان لە دروستکردنی بڕیار

سیستمی کۆتا یەکێکە لە هۆکارەکانی نەگەیشتنی ژن بە ناوەندەکانی سەرکردایەتی و دروستکردنی بڕیار لەبەرئەوەی کورسییەکانی پەرلەمان بە ئامانجێک دەبینێت و کۆتاش بە ڕێگەی گەیشتن بەو ئامانجە. بەمەش تواناکانی ئیفلیجدەکرێن وایلێدەکەن کە بووەستێت لە گەیشتن بە ناوەندی سەرکردایەتی یان دروستکردنی بڕیار لەبەرئەوەی ئەو کورسییە پەرلەمانییە وەکو بەخششێک دەبینێت نەک لەبەر لێهاتوویی. لە لایەکیترەوە ئەم سیستەمە تەنها کورتکراوەتەوە سەر پەرلەمان واتا سیستمی کۆتا نییە بۆ پۆستە سەرۆکایەتییەکان و دروستکردنی بڕیار لەبەرئەوەی تەنها بۆ ڕازیکردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ژنان دانراوە نەک گەیشتنی ژن بە پۆستەکانی سەرۆکایەتی. ئەو ڕێژەیەی لە سیستمی کۆتادا بۆ ژنان دانراوە لەگەڵ ژمارەیان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا ناگونجێ و بەراوردناکرێ.
تا ئێستاش لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا ژن نەگەیشتۆتە لوتکەی هەرەمی هیچ کام لە سێ دەسەڵاتە گشتییەکان بێجگە لە یەک سەرۆکی پەرلەمانی ژن نەبێت. لەبەرئەوە ژن دەبێ وەک پیاو کێبڕکێ بکات لەسەر وەرگرتنی کورسی پەرلەمانی و پۆستە سەرۆکایەتییەکان و هەموو کات پشت بە سیستمی کۆتا نەبەستێت بەڵکو لە ڕێگەی خۆسەلماندن و چوونە ناو کێبڕکێی دیموکراسییانەوە هەوڵی بۆ بدات.
لە کۆبوونەوە چارەنوسسازەکاندا ژنان ڕۆڵیان وونە بەهۆی ئەوەی پارتە سیاسییەکان و لیستەکانی هەڵبژاردن لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش شکستیانهێناوە تاڕادەیەک لە هەڵبژاردنی ژنانی شیاو و شایستە وەک کاندید بۆ پارتەکانیان. لە لایەکیترەوە کاڵوکرچی و لاوازی ڕۆشنبیری هەڵبژاردن لای دەنگدەران لە هەڵبژاردنی باشترین نوێنەر بۆ خۆیان کە بەزۆری دەنگ بە پاڵێوراوی پیاو دەدرێت نەوەکو ژن لەبەر نەبوونی متمانەیان بە تواناکانی ژن و نزم سەیرکردنیان لەلایەن کۆمەڵگاوە.
ئەو ڕووانینە چەق بەستووەی کە لە کۆمەڵگەوە پشتاوپشت ماوەتەوە بۆ چەمکی جێندەر ئەمە جگە لەو ڕێگریانەی کە ژن ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە ڕێگەی پیادەکردنی مافە سیاسییەکانی و گەیشتنی بە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار. لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێ ژن لە مێژووی عێراقدا گەیشتونەتە هەندێ پۆستی وزاری سەرەڕای نەبوونی سیستمی کۆتا و نوێنەرایەتی پەرلەمان. یەکەم وەزیری ژن لە عێراق نەزیهە دلێمی بوو بە یەکەم وەزیری ژن دادەنرێت لە نیشتیمانی عەرەبیدا کە عەبدولکەریم قاسم وەکو یەکەم وەزیری ژنی شارەوانییەکانی ساڵی ١٩٥٩ دەستنیشانیکرد. یەکەمین چالاکوانبوو بەشداریکرد لە دامەزراندنی ڕابەڵەی ژنی عێراقی و سەرۆکایەتیکردنەکەی گرتەئەستۆ و بەشداری لە چەندین کۆنفرانسدا کرد, ڕۆڵی هەبوو لە دانانی یاسای باری کەسێتی عێراقی ساڵی ١٩٥٩ (١٨).

لە کوردستانیش و دوای ساڵی ١٩٩١ی ڕاپەڕینی کوردەکان دژ بە ڕژێمی بەعس وەرچەرخانێکی گرنگ ڕوویدا لەڕووی بەرەوپێشچوونی ژنان لە چوونە پەرلەمان و پۆستە سیاسی و حزبییەکان، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتۆتە پێگەبەرزەکانی دروستکردنی بڕیار لەبەرئەوەی تەنها چەند بوارێکی تایبەتدەدرێت بە ژنان کە بە بۆچوونی کۆمەڵگا و هەندێ لە ژنان خۆیان تەنها گونجاون بۆ چەند بوارێکی پەروەردەیی، دەروونی، کۆمەڵناسی، پزیشکی و هەندێ بواریتر. هەروەها ژن بەسەرکەوتوو نازانن لە بواری سیاسەتدا کە ئەمە بۆچوونێکە پێچەوانەکەی ڕاستە چونکە هەروەکو چۆن پیاوان لە هەموو بوارێکدا هەن پێویستە ژنانیش بە هەمان شێوە هەموو بوارەکان تاقیبکەنەوە و دەرفەتی یەکسانیان پێبدرێت لە بواری سیاسەتکردندا (١٩)، هەروەکو هەموو بوارەکانیتر باڵانسی جێندەری ڕابگیرێت.

**سەبارەت بەڕێژەی بەشداربوونی ژنان لە پەرلەمان، لە ساڵی ١٩٩٢دا، کەمترین ڕێژەی بەشداریکردن هەبوو .**

لە ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٩، (٢٥) ژن لە ڕێگەی کۆتاوە، کە دەکاتە ڕێژەی ٢٥%، لە پەرلەمانی کوردستاندا بوون.

لە ساڵانی ٢٠٠٩- ٢٠١٨، (٣٣-٣٦) ژن، واتە بە کۆتای ٣٠%، لە پەرلەمانی کوردستاندا بوون.

لە ساڵانی ٢٠١٨-٢٠٢٤، بە ڕێژەی ٣٠% بوون.

لە ئێستادا لە ساڵی ٢٠٢٥، (٣٤- ٣٩) ژن، واتە ٣٠% -٣٥% بوون (٢٠).

## سەبارەت بەڕێژەی ژنان لە حکومەت

وەزیرەکانی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩ وەزیر پێکهاتوون کە ٣ دانەیان ژن بوون. بەشێک لەو پۆستانەی ژن سەرکردایەتی تێداکردوون پارێزگار، سەرۆکی شارەوانی، یاریدەدەری سەرۆک بەڵام لە پۆستە باڵاکان کەم دەردەکەون. تا ئێستا یەك سەرۆکی شارەوانی هەبووە لە مێژووی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەویش خاتوو لەیلا عومەر عەلی، هەروەها پۆستە سەرکردایەتییەکانیش:

١. د. ڕێواز فائق، ٢٠١٩، یەکەم ژن وەك سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەستبەکاربوو.

٢. د. ڤالا فەرید، وەك سەرۆکی کاتی پەرلەمان کە دوایی بوو بە وەزیر.

٣. نوخشە ناصح، یەکەم ژنە پارێزگارە لە کوردستان و عێراق (٢٠).

## کەلێنە جێندەرییەکان

ژنان سەرەڕای ئەوەی دەبنە پەرلەمانتار، بەڵام بەشێوەیەکی کرداری بەشداری لە دەرکردنی بڕیار و گفتوگۆکانی پەرلەماندا ناکەن، هەروەها ڕۆڵی پیاوان لە ئاستی سەرۆکی حزب، کوتلە، لیژنەکانی پەرلەمانی و پۆستە جێبەجێکارییە باڵاکانن. لە دەرەوەی پەرلەمانیش بەدەگمەن ژنان لە پارتە سیاسییەکاندا پێگەی سەرکردایەتی ڕاستەقینەیان پێدەدرێت، بەکەمی لە گفتوگۆ و دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەت و ڕێکەوتنی نێوان پارتە سیاسییەکان بەشدارییان پێدەکرێت. ژنان بە شێوەیەکی ڕانەگەیەندراو پەراوێزدەخرێن لە دەرکردنی بڕیاری پارتە سیاسییەکاندا، تەنانەت ئەگەر پۆستیش بگرنەدەست، واتا بەشێوەیەک لە شێوەکان دووریاندەخەنەوە بێ ئەوەی هەستیانپێبکرێت (دوورخستنەوەی ڕانەگەیەندراو).

بوونی ژنان تەنها وەکو ئامرازێکە بۆ رازاندنەوەی وێنەی پارتە سیاسییەکان نەک بەهێزکردنی ڕاستەقینەی ژنان. بەشداریان تەنها لە لیژنە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو پەروەردە، فێرکردن، تەندروستی و کاروبارەکانی ژنان لە پەرلەمان دادەنرێن. لە وەزارەتەکانیشدا دۆسیە هەستیارەکانی وەکو بەرگری، ئاسایش، ئابووری و دانوستاندنی سیاسییان پێنادرێ.
ئەمانە سەرەڕای کەمی یان نەبوونی خولەکانی ڕاهێنان و پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژنان لەناو پارتە سیاسییەکان و پێشکەشنەکردنی پشتگیری و پاڵپشتیکردنی ڕاستەقینە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا. بۆیە هەندێ ژن هانادەبەن بۆ پەیوەندی خێزانی، حزبی یان خزمایەتی لە جیاتی لێهاتوویی سیاسی، کە ئەمەش سەربەخۆیی و کاریگەربوونیان کەمدەکاتەوە. هەروەها ڕێگرییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک هێرش بۆسەر کەسایەتی ژن و ناوزڕاندنی، گومانکردن لە توانا و لێهاتووییەکانی. لەلایەکی ترەوە توندوتیژی سیاسی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و هەڵمەتی ناوزڕاندنی ئەلیکترۆنی و شێواندنی ناوبانگی ژنانی سیاسی و کاندید، فشاری کۆمەڵایەتی خێزانەکەی بۆ خۆکاندیدنەکردنی و پەراوێزخستنی بە ئەنقەست لە گفتوگۆ و کۆبوونەوە سیاسییە چارەنوسسازەکاندا (٨).

## سەبارەت بە بەربەستە یاساییەکان

بەربەستە یاساییەکان بریتین لە نەبوونی میکانیزمی جێبەجێکردنی یاساکان بە ڕێژەی ٣٠% بۆ پۆستەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئەنجوومەنە خۆجێییەکان و ناو پارتەکان. ئەو ڕێژەیە وەك بەرزترین دانراوە لە کاتێکدا دەبوو کەمترین بوایە هەتاوەکو ژنان لەوە زیاتریش مافیان هەبێ.
بوونی کەلێن لە یاسای پارتە سیاسییەکاندا کە پابەندییان ناکات ژنان لە پۆستە باڵاکان و لیستی کاندیدەکاندا ڕێژەیەکیان بۆ دابنرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی پەراوێزخستنیان. نەبوونی پاراستنی یاسایی بۆ ژنان لە توندوتیژی سیاسی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، گێچەڵی ئەلیکترۆنی، ناوزڕاندن، فشاری کۆمەڵایەتی و خێزانی بۆ خۆکشاندنەوە لە کاندیدبوون و جیاکاری و دوورخستنەوە لە دامەزراوەکان.
ئەمە سەرەڕای ئەوەی یاساکانی باری کەسێتی مافی ژن لە جێگۆڕکێ، خاوەندارێتی و دەرکردنی بڕیار لە ژن وەردەگرنەوە، ئەمەش ڕێگرە لە بەشداری چالاک، کاریگەر و سەربەخۆیان لە سیاسەتدا. هەروەها نەبوونی هاندانی پارتە سیاسییەکان بۆ کاندیدکردنی ژنان لە دەرەوەی سیستمی کۆتا، نەبوونی هاوسەنگی جێندەری لە یاساکانی هەڵبژاردندا و نەبوونی چاودێری، پێداچوونەوەی یاسا و سیاسەتەکان و ناڕوونی داتا و زانیارییەکان.

## ڕەهەندی سیاسی لە بەشداری کارای ژنان

لە بری بڕیاردان، بڕیار دروستکردن و لە بری هێنانەپێشەوە بەشداری کارایی ژنان لە بواری سیاسیدا ئاستەنگی لەبەردەمدایە. لە ئاستی جیهانی و ناوخۆیی کاتێک بارودۆخ لە بەردەم بەشداری سیاسی ژنان هێندە ئاڵۆزە و کارەکان بە نایەکسانی رووپۆشدەکرێن، پێویستدەکات پێناسەی بابەتەکە دووبارە ئاماژە پێبدرێت و روونبکرێتەوە بۆ ڕای گشتی.
بەشداری سیاسی ژنان بۆ توانای بڕیاردان نییە بەڵکو زۆر لەوە سەرترە کە ئەویش بڕیار دروستکردنە. زۆر لە حزب و قەوارەکان لە جیهاندا، وڵاتانی عەرەبی و دراوسێکانی کوردستان بە شانازییەوە باسی هێنانەپێشەوەی ژنان دەکەن. لە ڕاستیدا ئەو هێنانە پێشەوە شکڵییەی ژنان لە بەرژەوەندی حزبدایە و زەرەردانە لە (ژن).

لەبەرئەوەی ئەگەر بمانەوێت دڵنیابین لە ئیرادەی هەر حزبێک بۆ بەشداری سیاسی ژنان، دەبێت سەیری میکانیزمەکانی لابردنی بەربەستەکان بکەین بە واتایەکی تر ئیرادەی ڕۆشنکردنی ڕێگاکان و پشتیوانیکردن و هاندان لە بری هێنانەپێشەوەی مەبەستدار لەوانە باشترکردنی رووکاری حزب بەڕووی جیهانی دەرەوە، دەرخستنی ئەو رووکەشانەی پابەندبوون بە ژمارەیەک لە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی.
لیا سەیفەدین، ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی ئافرەتان، باسی لە ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد کە هەر ٦ ساڵ پاش دامەزراندنی بڕیاری دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانیدا، دووان لە دامەزرێنەرانیشیی ئەندامی سەرکردایەتیبوون. هەروەها باسیشی لە بڕیاری حزبەکەی بۆ بەشداری ژنان لە کۆمیتەی ناوەندیکرد کە نابێت لە ١٤% کەمتربێت، هەروەها لە کۆنگرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان نابێت ٢٥% کەمتربێت (١).
هەرچی سەبریە غەفار، ئەندامی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە، باسی لە ڕۆڵی حزبەکەی لە پێگەیاندن و بەشداری ژناندا کرد، گوتی "یەکگرتوو هەردەم لە سەرەتای دامەزراندنییەوە و لە هەموو کۆنگرەکانیدا ژن بوونی تێدا هەبووە. لەساڵی ١٩٩٦ ژنان چوونەتە ناو سەرکردایەتی حزبەکەوە و گەشەسەندنی دۆخی ژن و بەشداری سیاسی بە قۆناغبەندی بووە" (٣).


نوێترین نەخشەی بەشداری سیاسی ژنان لەسەرتاسەری جیهاندا کە لەلایەن (یوئێن وەمەنەوە) پەسەندکراوە ساڵی ٢٠٢٤-٢٠٢٥، چارتەکانی بەشداری سیاسی ژنان لە جیهاندا پیشاندەدات. پانتاییە ڕەنگاو ڕەنگەکانی یەکسانی جێندەری کە دواتردەبنەوە سەرچاوەیەک بۆ پانتایی و ژمارەی تایبەت بە بەشداری سیاسی ژنان. رەنگی کاڵ و تۆخ و تۆختر، پانتایی گەورە و بچوک و بچوکتر سەرجەم ئاماژەکان بۆ ئەو مەترسیەیە کە ژنان بە ژمارە و ئاستی جیاواز لە جیهاندا پەراوێزدەخرێن. وەک زۆرینەی پانتاییەکانی تری ژیان مەترسیەکە لەوەدایە کە لە پانتایی سیاسی هەمان دورخستنەوە و پەراوێزخستن بەڵام بە ڕێژەیەکی زیاتر و بە شێوازێکی توندتر هەیە.
ئەمەش پرسیارێک دێنێتە ئاراوە: بۆچی وایە؟ بۆچی بواری سیاسی ئەوەندە بەرتەسککراوەتەوە؟ وەك داڵانێکی تاریك لە بەردەم ژناندا وەستاوە. هەرچەند ژنان متمانەیان بە خۆیان، تواناکانیان و هەنگاوەکانیان هەبێت، بەڵام تاڕادەیەک قورسە متمانەیان بەو داڵانە تاریکە هەبێت کە پێی دەوترێت بواری سیاسی.
نزیکتربیینەوە لە هەرێمی کوردستانیشدا بەهەمان شێوە ڕێگرییەکان لە بەردەم ژنان جیاواز لە پانتاییەکانی تری ژیان لە بواری سیاسیدا زۆر زیاتر و ئاڵۆزترە. تێڕوانینێکی توندی گشتگیر هەیە کە ژنان کاتێك رووبەڕووی هەر بوارێکی سیاسی و لە هەر ئاستێکدابێت، کەواتە جەسورییەکی جیاواز هەیە. ئەم جەسوریەیە وادەکات ژنان هەنگاو بەرەو داڵانە تاریکەکە بنێن. کاتێک دەتوانن ئەو داڵانە ببڕن کەواتە دەتوانن ئەو وەهمە گەورەیە برەوێننەوە کە ئەو داڵانە تاریکە نابڕدرێت. لەم قۆناغەدا ژن دەبێتە پێشەنگێك بۆ ئەوانیتر واتا ڕێگەیەك رۆشندەکات بۆ ئەوانیتر.
یەکێک لە (تێڕوانینە نەرێنیەکانی کۆمەڵگا) بۆ بەشداری سیاسی ژنان ئەوەیە کە ژنان مەترسی ئەوە دروستدەکەن کاتێک دەبنە پردی گەیاندنی دەنگەکان. روونتر ئاماژەی پێبدەین ژنان بە شێوەیەکی گشتی باوەڕی تەواویان بە گەیاندنی دەنگی ئەو گروپ و ڕێکخراوانە هەیە کە مافیان زەوتدەکرێت. بەنموونە لە بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی پەرلەمان تەنها ژنان بوون کە باسیان لە پێویستی و پلانی کارکردن بوو بۆ ژنانی خاوەن پێداویستی تایبەت.
ئەم تێڕوانینە بەتایبەت ئەو ژنانە دەگرێتەوە کە لە قاعیدەی جەماوەرییەوە سەردەکەون، چونکە ژنانێکیش هەن بە هۆکاری نالۆژیکی سەردەکەون بەڵام هەر لە هەمان بواردا کاردەکەن. هەر بۆیە هەمان ڕێگری بەڵام بەڕەنگ و چوارچێوە جیاوازەکە، ئامانجە سەرەکییەکە لێی دورخستنەوەی ژنانە لە بواری سیاسی.

بوونی ژنان لە ناوەندەکانی بڕیار و کایە دیبلۆماسییەکان پایەی یەکلاکەرەوەی بەدیهێنانی عەدالەت و وردتر بڵێین دادپەروەریی کۆمەڵایەتین. لە مەسەلەی هۆکارە یاسایی و دامەزراوەییەکاندا پێویستە باسی یاسای حزبەکان بکەین لە مەسەلەی نوێنەرایەتیکردنی ژنان و ڕێگەخۆشکردن بۆ بەشداری سیاسییان. حزبەکان بەهۆی درەنگبەستنی کۆنگرەکانییانەوە هەڵبەت لە پێشبڕکێی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا هەریەک بەشێوەی خۆی دوادەکەوێت، لەم نێوەندەشدا بارودۆخی ژنان خراپتردەبێت.

لە زۆربەی پارتە کوردییەکان زۆرجار نوێنەرایەتییەکی کەمیی ژنان دەبینین کە لە پەیڕەودا ئاماژەی پێدراوە ٢٠% بۆ ٣٠%. تێناپەڕێت. زۆرجار ئەو ڕێژەیە بۆ چەند ئۆرگانێک دەستنیشاندەکرێت و یاخود ڕێژەکە ڕەچاوناکرێت. کەسانێکیش هەن لە ناو حزبەکاندا ڕێژەکە دەکەنە چەکێکی ترسناک و ژنان دووردەخەنەوە یاخود دەیانکەنە ژمارە و بازنەی پەراوێزخستنیان بەدەوردا دەکێشن.

هەر لە پێدراوەکاندا جگە لە ڕێژەی داڕێژراو مەسەلەی کۆتاش هەیە، کۆتا لە پێناسە باوەکاندا دیاریکردنی ڕێژەیەکی جێگیرە بۆ ژنان جار هەیە لە سێ یەک یان لە پێنج یەک کە ئامانج لێی بەرتەسککردنەوەی جیاکارییە بەرامبەر ژنان. بەدیوە ئەرێنییەکەیدا بریتییە لە زامنکردنی ڕێژەیەک بۆ ژنان واتا جیاکارییەکی ئەرێنییە لە بارودۆخێکی ناتەندروستدا. کە ئامانج لێی دەروازە واڵاکردنە لانیکەم لە پەیڕەوی حزبەکاندا بۆ ئەوەی ژنان فشار دروستبکەن و ئەو ڕێژەیە لە نوێنەرایەتی زامنبکەن (٢١). هەربۆیە کارکردن لەسەر بەهێزکردنی ژنان لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی پێگەیاندن و کاراکردنیان تا بە زیهنییەتێکی ژنانەوە بەشداری سیاسییان هەبێت نەک تەنها شوێنیان پڕ پڕبکرێتەوە، گرنگە هەماهەنگی نێوان ڕێکخراوەکان و حکومەت هەبێت چونکە ڕێکخراوەکان بەردەوام لە کێشە هەنوکەییەکاندا هەڵوێست و قسەیان هەیە (٢).

## نوێترین نەخشەی بەشداری سیاسی ژنان (یوئێن وومەن) ساڵی ٢٠٢٥




زانیاری بەردەست لە سەرتاسەری جیهاندا ژنان سەرۆکایەتی ٢٥ دەوڵەت دەکەن، لە ٢٧.٧% ی ئەندامانی پەرلەمان پێکدەهێنن. هەر لە نوێترین نەخشەکەی یوئێن ومەن بۆ ساڵی ٢٠٢٥دا دەرکەوتوە ژنان زیاتر مەلەفەکانی مافی مرۆڤ، یەکسانی و پاراستنی کۆمەڵایەتی دەبەنبەڕێوە. لە هەمان کاتدا پیاوان سەرجەم مەلەفەکانی تایبەت بە بوارە سیاسییە جیاوازەکان، پەیوەندییەکانی دەرەوە، ئابووری، باج، مەلەفی دەزگاکانی ناوخۆ و بەرگرییان قۆرغکردوە.
لە بەرامبەر ئەم هەژموونە پیاوانەیەدا ژنان هەوڵیانداوە لەڕێگەی چەند میکانیزمێکەوە ڕێگە بەرتەسککراوەکانی بەردەمیان کەمێك والابکەن، یەکێك لەوانە کۆتایە (٢١).

## سێ جۆری سەرەکی کۆتا هەیە

کۆتا جیاکارییەکی ئەرێنییە بۆ ژنان کە دەستکەوتی نە ڕێکخراوەکانە نە حزبەکانە، بەڵکو دوای پڕۆسەی ئازادکردنی عێراق و دەستنیشانکردنی پۆل بریمەر، حاکمی مەدەنی عێراق و دەستپێکردنی پڕۆسەیەکی سیاسی نوێ پێشنیاری کۆتا کرا و دواتریش لە ساڵی ٢٠٠٥ لە دەستوری عێراقدا ئاماژەپێدراوە.
جۆرەکانی کۆتا: ١. کۆتای دەستوری ٢. کۆتای یاسای هەڵبژاردن ٣. کۆتای حزب
لە جۆرە جیاوازەکانی کۆتادا کە ئامانج لێی جیاکارییەکی ئەرێنیە، ئەگەرچی چ لەسەر ئاستی هەریەکێک بێت لە جۆرەکانی کۆتا ڕێگری و ئاستەنگ زۆرن. زۆرجاریش بەپێی بارودۆخ و کاتەکان ئاستەنگی نوێ دێتەئاراوە، یەك ئاست لەگەڵ هۆکارە کۆمەڵایەتی، یاسایی دامەزراوەیی و ڕۆشنبیرییەکان، هاوکات پاڵپشتی بۆ ژنان لە ناو حزبەکاندا پاڵپشتییەکی لاوازە، بەمە نوێنەرایەتی و پڕۆسە هاوتەریبەکانی پێشکەوتنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دوادەکەوێت (٢٢).

یەکێک لە فرەڕەهەندترین ئەو بابەتانەی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئایندەی کۆمەڵگاکانەوە بە جیاوازی بارودۆخی سیاسی، جوگرافی و ئابوورییانەوە. بەپێی ئاماروداتا و ماپەکان لە سەرتاسەری جیهاندا بەشداری سیاسی ژنان ئاستەنگی گەورەی لە بەردەمدایە و پەراوێزخستن خاڵی هاوبەشی سەرجەم هێزە سیاسییەکانە لە بەرامبەر ژناندا (٢٣).

لیا سەیفەدین، ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی ئافرەتان، ئاماژەی بەوە کرد کە گرنگترین شت بۆ ئەم دۆخەی ئێستا ئەوەیە کە لە پرسی ژناندا کۆدەنگی هەبێت و مەسەلەی ئاینی و حزبایەتی وەلابنرێت. هەموویان خۆیان بە بەرپرسیار لەهەمبەر ئەم پرسەدا بزانن، کۆمەڵگە پەروەردە و ڕۆشنبیربکرێت تاوەکو لەسەر ئاستی توانایی و شیاوێتی دەنگ بە ژنان بدرێت (١).

## دەرئەنجامەکان

١. یەکێك لە بنەماکانی دیموکراسی، بەشداربوونی هەردوو ڕەگەزە، لە دروستکردنی بڕیارە سیاسییە نیشتیمانییەکاندا، کە بابەتێکی چارەنوسسازە، ئامارەکان ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو بەشداربوونە بۆ ژنان کاریگەرە.

٢. بوونی جیاکاری ئەرێنی بەشێوەی کۆتا پێداویستییەکی حەتمییە، بەڵام ئەم ڕێژەیە ٢٥%، کە لە پەیڕەوی زۆربەی حزبەکاندا هەیە جگە لە پەرلەمان، هەرسێ دەسەڵاتی دادوەری، یاسادانان، جێبەجێکردن ناگرێتەوە.

٣. ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، سیداو، مافە مەدەنی و یاساییەکانی ژنان، جەخت لە بەشداری سیاسی ژنان دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا ڕێگرییەکان هێندە زۆرن وادەکەن ژنان نەگەن بە پۆستە سیاسییەکان.

٤. کاتێک ژنان بەشداردەبن لە دروستکردنی بڕیار و پرۆسەی سیاسی، ڕاستەوخۆ کار لەسەر پرسە ئاڵۆز و هەڵپەسێردراوەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگەوە دەکەن، بەرەو قۆناغی نوێی دەبەن و لە قۆناغی چەقبەستویی دووریدەخەنەوە.

٥. دەستور و یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستاندا ئاماژەی تێدا نییە بۆئەوەی ڕێکەوتننامە و جاڕنامە گەردوونییەکان بووبێتنە پایەی داڕشتنی، هەر بۆیە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لە زیادکردنی ڕێگرییەکان.

## ڕاسپاردەکان

١. پێویستە لە هەر پارتێکی سیاسیدا پەیمانگا، خولی تایبەتی پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژنان لەبواری سیاسیدا هەبێت. دوو ئاڕاستەی سەرەکی هەبێت لە کارکردنیدا: ئاڕاستەیەکی پەرەپێدانی ئاستی ئەو ژنانەی کە لە پۆستە جیاوازەکاندا هەن و بەشدارپێکردنیان لە خولەکانی ڕاهێنان و پەرەپێدان، ئاڕاستەی دووەم پەرەپێدانی توانا و کارامەییەکانی کچانی گەنج بەمەبەستی ئامادەکردنیان بۆ بەشداری چالاکانەی کاری سیاسی.

٢. لە چوارچێوەی پایە جیاوازەکانی بڕیاری ١٣٢٥ی نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵی ٢٠٠٠دا کە تێیدا جەخت لە بەشداری سیاسی ژنان و ڕێگەپێدانیان دەکاتەوە، لە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی گفتوگۆکانی بنیادنانی ئاشتی، هێزەکانی ئاشتیپارێز و گەیاندنی دەنگەکان. لە ڕێگەی واڵاکردنی دەروازەکان و کارکردنی ئیرادەی سیاسی لەسەر توانای ژنان بۆ سەرکردایەتیکردن، ئەو ناوچانەی کار لەسەر ئەم بڕیارەدەکەن (عێراق لە وڵاتە یەکەمینەکانە) کە ئیمزایکردوە و هەرێمی کوردستان پلانی ستراتیژی خۆی هەیە بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕیارەکە کە جەخت لە پشتگیری، هاندان و پاراستنی ژنان دەکاتەوە لە بواری چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیربوونی باری سیاسی و دروستکردنی بڕیاردا.

٣. لە پەیڕەوی ناوخۆی سەرجەم حزبە سیاسییەکان باس لە ڕێژەی بەشداری ژنان کراوە کە لە ٢٥%-٣٠% یە، بەڵام ئەو ڕێژەیە بۆ ئۆرگانێکی دیاریکراوە. هەر بۆیە پێویستە گروپی ژنانی ناو پارتە سیاسییەکان بەهێزبکرێت لەڕووی کارامەییەوە بۆئەوەی فشاری بەردەوامیان لەسەر حزبەکان بۆ زیاترکردن و چەسپاندنی ڕێژەی بەشداری سیاسییان ڕۆڵی خۆی ببینێت و دەرفەت و ئیمکاناتیان وەك پیاوەکان پێبدرێت و زیاتر پشتگیریبکرێن.

٤. گرنگە هەر پارتێکی سیاسی پەیمانگای پێگەیاندنی کارامەییان هەبێت بۆ ئەو خانمانەی دەیانەوێت لە بواری سیاسیدا کاریگەرییان هەبێت. واتە لەلایەك بە شێوەی کارکردنی مینتۆر هاوکات لەگەڵیدا پەرەپێدانی کارامەییەکانی گفتوگۆ، چاوپێکەوتن، شیکاری سیاسی، ئەتەکێت و وردەکارییەکانی پەیوەست بە بارودۆخی سیاسییەوە و ئەو یاسا بەدکارانەی کە هەن.

٥. پرسی کۆتا وەک جیاکارییەکی ئەرێنی لە پەیڕەوی ناوخۆی حزبەکاندا هەیە، هەربۆیە گرنگە لە کۆنگرەی پیلینومی حزبدا کار بۆ زیادکردن و گشتگیرکردنی بۆ سەرجەم ئۆرگانە حزبییەکان بکرێت.

٦. ناوەند یاخود مەکتەبی یاسایی لە هەر حزبێکدا ئەرکەکانی دیاریکراوە، پێویستە هاوکات کار لەسەر سزادان و دورخستنەوەی کەسانی تێوەگلاو لە توندوتیژی سێکسی بەرامبەر ژن و منداڵ بەکێکبێت لە خاڵەکانی پەیڕەوی کارکردن. هەروەها لە ڕێگەی ئۆرگانەکانی حزب و میدیاوە بەوردی کار لەسەر ئەو ڕێنماییانەی حزب بکرێت کە بۆ ڕێگریکردنن لە توندوتیژی و هەراسانکردن.

٧. پێویستە حزبەکان کاتێک پۆستێک دەدەنە هەر کەسێک مێژووی ئەو کەسە بەنسبەت ژنان و کچانەوە هەژماربکرێت. لیژنە کاتییەکانی وەرگرتنی سیفی بۆ پۆستە جیاوازەکان ئەرکیانە بە وردی کاری بۆ بکەن. واتە نابێت کەسێک بکرێتە بەرپرسی شوێنێک کە لە ڕووی کەسایەتییەوە پەسەند نییە یاخود پێشینەی ڕەفتاری نەگونجاوی هەبووبێت.

## ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بەهێزکردنی ڕۆڵی ژن لە دروستکردنی بڕیاردا

پەسەندترین میکانیزم کە تیایدا مافەکان دەستەبەربکرێت یاسایە، تەنها یاسا ورد و داڕێژراوەکان کە تیایدا ڕەچاوی باری کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری بکرێت زامنی مافەکانی تاکدەکەن. بەهەمان شێوە مافە سیاسیەکانی ژنان، ئەم ڕەشنووسەی ئاماژەی پێدراوە دەکرێت ببێتە بناغەیەکی گونجاو لە پێناو باشترکردنی هەلومەرجی بەشداری سیاسی ژنان.

## دەروازەی یەکەم: حوکمە گشتییەکان

**مادەی ١:**

ئەم یاسایە ئامانجی بەهێزکردنی بەشداریکردنی ژنە، لە دروستکردنی بڕیار لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق، لە هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری یان لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا، بە جۆرێک کە بنەماکانی یەکسانی، جیاکارینەکردن و دادپەروەری بهێنێتەدی، لە نێوان پیاوان و ژناندا، بەو شێوەیەی کە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، دەستوری عێراق و یاسا بەرکارەکاندا ئاماژەیانپێکراوە.

## دەروازەی دووەم : ئەرك و پابەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**مادەی ٢:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەبێت پابەندبێت بە دانانی سیاسەت و بەرنامەی پێویست بۆ دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتیکردنی ژن لە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاردا، لە هەرسێ دەسەڵاتەکەدا بە ڕێژەیەک کە لە ٣٠٪ کەمترنەبێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی لێهاتوویی، شارەزایی و پسپۆڕی، هەروەها بەردەوامبوون لە هەوڵدان تا گەیشتن بە ڕێژەی نیوە تا ساڵی ٢٠٣٠.

**مادەی ٣:**

دامەزراوە حکومییەکان، دەبێت هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەرێم بکەن، بەدانانی ڕێژەی بەشداری ژن لە ناو لیستەکاندا بۆ پەرلەمان و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان.

**مادەی ٤:**

حکومەتی هەرێم پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و شیاندن لە ئەستۆدەگرێت، بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا بۆ پەرەپێدانی لێهاتووییە سەرکردایەتیی و کارگێڕییەکانی ژنان.

## دەروازەی دووەم: لیژنەی پاڵپشتی بەشداری ژن

**مادەی ٥:**

لیژنەیەك پێکدەهێنرێت بە ناوی " لیژنەی پاڵپشتی بەشداری ژن لە دروستکردنی بڕیاردا "، بە سەرۆکایەتی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەندامێتی نوێنەرانی هەریەك لە پەرلەمان، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی پەروەردە، خوێندنی باڵا، وەزارەتی ڕۆشنبیری و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەندیدار بە کاروبارەکانی ژنان.

**مادەی ٦:**

ئەم لیژنەیە ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ:

١. چاودێری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم پرۆژە یاسایە، دوای پەسەندکردنی.

٢. ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە، لەبارەی بەرەوپێشەوەچوونی نوێنەرایەتییکردنی ژن و بەرزکردنەوەی بۆ پەرلەمان.

٣. پێشنیاری هەموارکردنی سیاسەتەکان، بۆ دەستەبەرکردنی بەشداری چالاك و کاریگەری ژن.

## سەرچاوەکان


١. کۆمێنتی لیا سەیفەدین، ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی ئافرەتان، یەکێک لە ئەندامە بەشداربووەکانی فۆکس گروپ بە ناونیشانی: ( ئاستی بەشداری ژنان لە ناوەندەکانی بڕیاری حزبە سیاسییەکان ) ، (٢٠٢٥/٢/١٥)، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی.

٢. کۆمێنتی کنێر عەبدوڵا، نووسەر و ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان، یەکێک لە ئەندامە بەشداربووەکانی فۆکس گروپ بە ناونیشانی: ( ئاستی بەشداری ژنان لە ناوەندەکانی بڕیاری حزبە سیاسییەکان ) ، (٢٠٢٥/٢/١٥)، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی.

٣. کۆمێنتی سەبریە غەفار، ئەندامی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، یەکێک لە ئەندامە بەشداربووەکانی فۆکس گروپ بە ناونیشانی: ( ئاستی بەشداری ژنان لە ناوەندەکانی بڕیاری حزبە سیاسییەکان ) ، (٢٠٢٥/٢/١٥)، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی.

٤. يعقوب، س. ج. (٢٠١١). حق المشاركة السياسية للمرأة بين الشريعة الإسلامية و القانون الوضعي. مجلة جامعة القادسية للعلوم الإنسانية، ١٤(١-٢).

٥. عبدالله جلال معوض. (١٩٨٣). ازمه المشاركه السياسيه. مركز دراسات الوحده العربيه، بيروت، عدد ٥٥.

٦. عبدالله، ل. ح. (٢٠٢٤). المشاركه السياسية للمرأة. مجلة إكليل للدراسات الإنسانية، (٢٠).

٧. المرأة والحياة السياسية - مجموعة مؤلفين. (١٩٩٨). المركز المصري لحقوق المرأة، الكتاب الخامس، مركز المرأة القاهرة.

٨. هيئة الأمم المتحدة للمرأة. (٢٠٢١) القيادة والمشاركة السياسية في الدول العربية.
HTTPS://SHARE.GOOGLE/Z3KFBTULBXFQ3FUGQ

٩. شیرین تاهیر. (٢٠٢٤). سەرنوسەری گۆڤاری تەوار، ژمارە ٨٦، لا ٩.

١٠. ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی. (٢٠٠٥). HTTPS://WWW.AMNESTY.ORG/EN/WP-CONTENT/UPLOADS/2021/09/MDE140012005EN.PDF

١١. عبد الغفار، ع. (٢٠٠٩). الاعلام و المشاركة السياسية للمرأة. سلسلة العلوم الاجتماعية، ص ٦١.

١٢. لیژنەی پێگەی ژن. (٢٠٢١). ڕاپۆرتی لیژنی پێگەی ژن، لا ٧٣.
HTTPS://COSIT.GOV.IQ/DOCUMENTS/HUMAN%20

١٣. ڕێکەوتنامەی مافە سیاسیەکانی ژنان. (١٩٥٢).

١٤. تابان گەرمیانی. (٢٠٢٤). کتێبی دەستکەوتەکانی ژنانی باشوری کوردستان.

١٥. ڕێکەوتنامەی سیداو. (١٩٧٩).

١٦. بەڵگەنامەی کۆنگرەی پەکین. (١٩٩٥).

١٧. دەستوری کۆماری عێراق. (٢٠٠٥).

١٨. ڕۆژنامەی صباح. (٢٠٢٠).

١٩. خانم زوهدی. (٢٠٢٤). چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی بزوتنەوەی ژنانی عێراق (وەرگێڕ: نەرمین عوسمان).

٢٠. شفق نیوز. (٢٠٢٥). ٣٣ ساڵ بەدوایەوە: دەنگی ژنانی کورد بەرزدەبێت لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان. بەردەست لە ماڵپەڕی شفق نیوز.

٢١. ماپی یۆئێن وومەن، تایبەتی بە بەشداری سیاسیی ژنان. (٢٠٢٤-٢٠٢٥). لە جیهاندا.

٢٢. کنێر عبدولا. (٢٠٢٣). کتێبی بەشداری سیاسی ژنان لە باشوری کوردستان.

٢٣. جۆیس گێڵپ. (٢٠٢٥). کتێبی فێمینیزم و سیاسەت (وەرگێڕ: یاسین محمەد عەلی).

## دەربارەی ئێمە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٩/١ لەلایەن کۆمەڵێک لە دەستەبژێری ئەکادیمی، ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیران دامەزراوە. ئەم دامەزراوەیە وەک خانەیەکی هزری بونیادنەر، لەپێناو تێگەشتنی هاوبەشدا کار دەکات، بە ئامانجی دروستکردنی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دروستکردنی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان.

## دیدگا

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوی زانیارییە و پردێکە لە نێوان توێژەران، ئەکادیمییان، سیاسەتمەداران، کۆمەڵگەی مەدەنی، هاوڵاتیان و ناوەندەکانی بڕیار بە مەبەستی بونیادنانی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق.

## پەیام

- بەهێزکردنی کلتووری بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە بڕیارداندا بە مەبەستی کارکردن بۆ حوکمڕانییەکی دروست.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی، یاسایی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها داڕشتنی پلانی ستراتیجی بە مەبەستی بەشداریکردن لە گەشەپێدانی وڵاتدا.
- ئەنجامدانی گفتوگۆی بونیادنەر و بەرهەمدار بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی کۆمەڵگا.
- لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری، هەروەها پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بوارە ژینگەییەکان و گۆڕانی ئاو و هەوا.

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (VFSS)

هەرێمی کوردستان - عێراق، سلێمانی
WWW.VISIONFOUNDATIONIQ.ORG

پەیوەندیکردن:

بۆ پرسیارکردن دەربارەی دەرفەتەکانی هاوکاری، داوای زانیاری زیاتر،
یان گفتوگۆکردن لەسەر هەر پڕۆژەیەک ، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن:

INFO@VFSSIQ.ORG

visionfoundationiq

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq